
## ئای كە پەشیمانم لە وكاتانەی كەرێگایەكی دوورم دەبڕی

## ..بۆ گوێگرتن لە خوتبەكانی مەلا كریكار لە مزگەوتی جیهاد

باوكی خەڵات .سلێمانی



زۆرن ئەوكەسانەی گفتار و ڕەفتاریان لە یەک جیاوازن، هەركەسێک بۆ جارێكیش گوێ بیستی وتاف و خوتبەكانی مەلا كرێكار بووبێت دەزانێت ئەم كەسە لە وتار و خوتبە كانیدا چۆن لاوانی كوردی هان دەدا دژ بە پارتە علمانیە ڕكەبەرەكانی لە دوای ڕاپەڕین،ئە وسەردەمانە بەندە یەكێک بووم لەو كەسانەی لەژێر تەئسیری خوتبەكانی كرێكاردا بووم ئەگەر جومعەیەک نەم توانیبایە لە مزگەوتی جیهاد نوێژ بكەم وام دەزانی كە ئەو جومعەیەم لەكیس چوە و خۆمم دەخستە ژێر ڕێژنەی لێپرسینە وە، كاتژمێر و ڕۆژم دەژمارد تاكو جومعەی ئایندە دەهاتەوە و هەر زوو هەوڵم دەدا خۆم بگەیەنمە مزگەوتی جیهاد بۆ ئەوەی بتوانم جێگایەكی باش بگرم هەتا نەک هەر گوێبیستی بم بەڵكوو سیماو جوڵەكانی دەست و بەدەنیشی ببینم، ئینجا هەستم دەكرد ئاسودە بووم، بە وتەكانی ئاهێک بە دڵ و دەرونمدا دەهات و ئۆخەیم دەكرد، هەر وەک  بارێكی ئێجگار قورس لە سەرشانم بێت و لێم كردبێتەوە و هەناسەیەكی قوڵم هەڵ دەكێشا و دەمدایەوە ،ئەوكەسەی كە هەمیشە دەمی گەرم بوو بۆ هاندانی خەڵكی، ئەوكەسەی باسی جیهادی دەكرد، ئەوكەسەی كە لایەنە علمانیەكانی بە طاخوت ناودەهێنا، ئەوكەسەی كە خۆی بە ئیسلاح ناودەبرد لە ناو بزوتنەوەدا،هەرئەو كەسە هەستی كرد كەوا بارودۆخی بزوتنەوە و یەكێتی بەرەو بار گرژی دەچێت كەس نەی زانی چۆن تێیتەقاند.

لێرەدا دەمەوێت خەڵكی لەوە دڵنیابكەمەوە لە سەرنوسینی ئەم بابەتە تەنها بۆ ئەوەیە چیتر خەڵكی كاتی خۆی لە دەست نەدات وهەڵ نەخەڵەتێت بە خوتبە حەماسیەكانی،ئەوە نادروستی و خۆڵكردنە چاوی خەڵكی وای لێكردم دەست بۆ كامپیوتەرەكەم بەرم و ویژدانی خۆم ئاسودەبكەم، كە چیتر هیچ كەسێک نەبێت بە داردەستی ئەم پیاوە چونكە تەنها لە شوێنی گەرم و ئارامدا دەمی گەرمە ئەگینا لە تەنگانەدا كرداری  نەرم و هیچ لە بارە نەبووە،بالێرەوە ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز بۆ مەلا كرێكار و ئەوكەسانەی كە وەک ئەولە كاتی تەنگانەدا هاوڕێ و هاوسەنگەرەكانی خۆیان بەجێ دەهێڵن بهێنمەوە كە ئەویش سورەتی (ئەنفال) ئایەی(16) كە دەڵێت.

بسم الله الرحمن الرحيم

**ومن يولهم يومئذ دبره إلا متحرفًا لقتالٍ أو متحيزا إلى فئة فقد باء بغضبٍ من الله ومأواه جهنم وبئس المصير**

**(هەرکەس لە ڕۆژێکی وادا خۆ لە شەڕێ بدزێتەوە – مەگین بۆ شەڕکردن لە شووێنێکی کەوە، یان بۆ یاریدەی یارانی–خودا لە خۆ تورە دەکاو جێگەی لە جەهەندەم دەبێ وچارەنوسی زۆر خراپە )**

**نامەوێت درێژەی بە باسەکە بدەم و سەرتان بیەشێنم با بڕۆمە ناو ئەسڵی بابەتەکەوە، ناشمەوێت بڵێم لە شەڕەکانی نێوخۆدا بەتایبەتی شەڕەکانی بزووتنەوە و یەکێتیدا چیم کردوە ولە کوێ بووم بەشداری شەڕەکانم کردوە یان نا، لێم گەڕێن با چەند پرسیارێک لە وەی کە ناویان لێناوە مەلا کرێکار بکەم.**

**1–ئایە لە کاتێکدا شەری بزوتنەوە و یەکێتی ئەگەر هەڵەنەبم لە 12/19 /1993 هەڵگیرسا ماموستا عوسمانی ڕەحمەتی خودا لێی ڕازیبێت و لە گوناحەکانی خۆشبێت بە ئەسیری کەوتە دەستی هێزەکانی یەکێتی لە کوێ بوویت و چیت لێهات؟**

**2– ئەدی لە دوبارە دەست پێکردنەوەی شەڕەکانی ساڵی 1994 دا چیت کردو لەکام سەنگەری دژ بە طاخوتەکان ڕاوەستایت؟**

**3– لە ساڵی 1997 دا جەولەی سێ هەمی شەڕی بزوتنەوە و یەکێتی سەری هەڵدایەوە جەنابت چی ڕۆڵیکت تێدا گێڕا؟**

**4– ئەم سێ جەولەی شەڕە ئەگەر بەهانەیەکت بۆیان هەبێت بڵێیت زروفەکە نەی هێشت بەشداری بکەم لەگەڵ برا موجاهیدەکانمدا خۆلە ساڵی2001 دا شەڕی باڵەکەی خۆت کە لەگەڵ جوندل ئیسلامدا یەکیان گرت وئەنسارتان پێک هێنا جەنابت بوویت بە ئەمیریان بۆ ڕاتکرد و بەجێت هێشتن؟**

**تۆبڵێت ئێمە نەمان زانی بێت چووبیت لە بەرەیەکی ترەوە سەنگەری جیهادت گرتبێت؟یان بۆ یاریدەی یاران و هەواڵانت بۆ کارێکی پێویست چوبوویت؟ خۆ ئەگەر بە بێ ئەم دوو هۆیە خۆت دزیبێتەوە ئەوا بە گوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە خودای پەروەردگارت لە خۆت ڕەنجاندوە و جەهەنم ودۆزەخی نەبڕاوە جێگاتە.**

2007/5/19